# ماهیەتی ئامۆبوون

# لەفەلسەفەی رینیە دیکارتدا

محەمەد سلێمان حەسەن

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

رینیە دیکارت لەکۆتایی سەدەی شانزە و نیوەی سەدەی حەڤدەی زاینییدا ژیاوە، ئەو سەردەمەی بەچەندەها سیما و لەسەر چەند ئاستێك دەناسرێتەوە: ئابووری و کۆمەڵایەتی و فکری، دیکارت لەژێر سایەی رژێمێکی پاشایدا ژیاوە، کە مەشروعیەتی بوون و دەسەڵاتی بەسەر گەلەوە لەمافێکی خواوەندی وەردەگرێت، کەپێشتر پێیدراوە، لەبەرئەوەی باشترینە، ئەوە خوایە لەرێگەی نوێنەرەکانیەوە ئەم دەسەڵاتە دەسپێرێت - کەنیسە- سیفەتی پاشای پێدەبەخشێت، سیستمی کۆمەڵایەتی -لەژێر سایەی یاسای خواوەندیدا- سستمێکی کۆلاکی و کۆیلایەتی بووە،، ئەو سیستمە وا تەماشای چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، وەك ئەوەی کاڵایەك بن و قابیلی ئاڵوگۆڕ بن لەبازاری کاردا، سیستمی مەعریفی بەسیما ئایینیەکەیەوە بووە کۆمەڵێك سرووت و کەشی ئایینی، کەتەنها خزمەتی چینی دەسەڵات دەکات، بەدوور لەئایین وەك چەکگەلێکی مەعریفی لەراستای سیستمی مەعریفی هەمەکی، ئەم سیما سەرەکیانەی ئەو چەرخەی کەدیکارتی تێدا ژیاوە، دەتوانین لەرووی تیۆریەوە لەهواری تێروانین لــەوەی ماهیەت پێش بوون





دەکەوێت، لێکبدەینەوە،

واتا خودبکەوێتە پێش بابەتییەوە، ڕۆحی پێش ماتریالی، هەقیقەت ئەوەتا لەماهیەتی شتەکاندا نەك بوونیان، جەوهەر شوێنی بوونی گرتەوە، دواتر دەق، یان یاسا شوێنی واقیعی گرتەوە،، ئەم کێشەیەش بەگوێرەی فەلسەفەی ئەوروپیی سەردەمەی دیکارت و پاش دیکارتیش نوێ نییە، بەڵکو کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفی ئەوروپی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەم کێشمەکێشە بریتییە لە: دۆزینەوەی چاپ، کەوتنی قوستەنتینیە لەژێر دەستی تورکەکان، دەرکەوتنی ریفۆرمی ئایینی، دۆزینەوەی جیهانی نوێ (١٤٩٢)، دۆزینەوەی ڕێگەی هند (١٤٩٨)، دۆزینەوە زانستییەکانی کەلەڕووی جۆر و هێندەوە زیادیدەکرد، ئەم هۆکارانە پێکەوە بوونەوە هۆی کێشمەکێشێکی قوڵ لەژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگای ئەوروپییدا، لەبەرئەوە ئەو کۆمەڵگایە لەڕووی فکرییەوە پێش زەمەنی خۆی کەوت، لەبەرئەوە ناونرا سەردەمی ڕۆشنگەری، سێ کارەکتەری گرنگ ڕۆڵێکی گەورەیان لەم تافەدا بینی، ئەوانیش بیکۆن و گالیلۆ و دیکارت بوون، یەکەم بیکۆن (F. Bacon- ١٥٦١-١٦٢٦) ئەو یەکەم کەس بوو زانستە سروشتییەکانی لەچۆنایەتییەوە بۆ هێندایەتی گواستەوە، زانستی ڕاست بریتییە لەزانستی پراکتیکی، زانست پێویستی بەتێبینیکردن و تاقیکردنەوە هەیە، بەڵام بیکۆن تەنها لەبواری فکریدا مایەوە، لەبەرئەوە تەنها لەبواری فەلسەفەدا بوو، دووەم گالیلۆ (١٦٤٢-١٥٦٤ – Galilee) هەموو چالاکییەکانی خۆی لەبواری پراکتیکیدا قەتیسدا، زۆرێك دۆزینەوەی هێنایە ئاراوە، خەڵکی فێری ئەوە کرد، چۆن بەهۆی تاقیکردنەوەوە خەڵك فێربن، درك بەواقع بکەن، نەك بەشێوەی تیۆری، سێهەم دیکارت: ئەمیان توانی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێکەوە کۆبکاتەوە، یەکەم کەس بوو میتۆدێکی دانا، وا دەکات مرۆڤ لەهەڵە مەعسووم بێت، بڕوای وا بوو کەئەقڵ دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاسمان بکات، کەئەقڵ تاکە پێوەری هەقیقەتە، یەکەم: لەو میتۆدەی دیکارتدا ئەو پرسیارەی پێشنیارکرد، ئەویش دیالۆگی مەسەلەی ئەقڵ و گواستنەوە بوو لەو قۆناغەدا، بەم شێوەیە: ئەو هەڵەیەی خەڵك لەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیدا دەیکات، بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بۆ ئەقڵ، یان شێواز؟ وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو: لەمیتۆدەوە، لەبەرئەوە دیکارت ئەو میتۆدەی هێنایە ئاراوە، کەمرۆڤ بەهۆیەوە بەرەو هەقیقەت بچێت، بیانخاتە سەر ئەو بنەمایەی کەبریتییە لە: بنەمای یەکەم: ڕەتکردنەوەی ڕەهای شتێك وەك هەق ئەگەر بەشێوەیەکی بەدیهی ئەوەی بۆ دەرنەکەوێت، کەوەك ئەوشتەیە، مەبەست لەوەیە لەپەلەکردن و خۆبەستنەوە بەبیروڕای پێشترەوە، حوکمەکانم وەرنەگیرێت،

تەنها ئـەوە نەبێت ئەقڵم بەرۆشنیی تـەواو دەینوێنێت، هەروەها بەتەواوەتی جیابکرێتەوە، بەئەندازەیەك هیچ گومانێکم نەمێنێت، ئێمە لـێرەدا لـەبـەردەم بنەمای خوداین (Lemoi)بنەمای دووەم، هەموو ئەو گرفتانەی بەدوایدا دەگەڕێم بەش بکەم، چەندێك بتوانم ئەو گرفتانە بەباشترین شێوە چارەسەر بکەم، ئێمە لـێرەدا لەبەردەم بنەمای شیکردنەوەداین (Analyse)بـنـەمـای سێهەم: هەموو بیرکردمەوەکانم بەشێوەیەکی ریزبەندی بەرێبخەم، لەنزمەوە بۆ بەرز دەچم، لەئاسانترین و خۆشەدەسترینیان، تاکو ئاڵۆزترینیان بناسم، ئەبێت گریمانەی ئـەوە بکەم کەسستمێك لەنێوان ئەو شتانەدا هەیە، کەلەنێوان یەکدا لەبنەمادا رێکناکەون، ئێمە لـێرەدا لـەبـەردەم بنەمای هەڵهێنجانی دەرئـەنجامـداین (Deduction)بـنــەمـای چـوارەم: لەهەموو بارەکاندا هەستم بەئامارکردنی تەواو و پێداچوونەوەی گشتگیر، بگەمە ئـەو بـاوەڕەی، هیچ شتێکم بەجێنەهێشتەوە، ئێمە لـێرەدا لەگەڵ بنەمای ئامارداین (Enumeration)دووەم دەربـارەی گومانی دیکارتی پاش دانانی میتۆد، دیکارت پرسی ئەو رێگەیە کامەیە دەمانگەیەنێتە هەقیقەت؟ وەڵام بەم شێوەیە بوو: گومانکردن لەو رێگاو میتۆدەی بۆ گەیشتن بەهەقیقەت دەیگرینە بەر، واتە لەهۆکارەوە بۆ مەبەست، بۆ گەیشتن لەمە ئەبێت گومانمان هەبێت لە: یەکەم- لاسایکردنەوە: گومانی لەسەرە. ئەوەی بۆ؟ لەبەرئەوەی لەماهیەتی خۆی نییە و لەخودی خۆی نییە، لەخودێکی ترە، لەسیستمی مەعریفی و بوونگەریەکەیدا سەربەخۆیی وەرناگرێت، هەروەها لاسایکردنەوە کەبەئامرازەکانی تر ئەنجام دەدرێت زۆرێك لەجەوهەری خۆی وندەکات، لەچوارچێوەی هەقیقەتی رەهاوە دەردەچێت لەرێژەیی رەهادا، دیکارت بەم شێوەیە گوزارشتی لەم بۆچوونە کردوە (هیچ سوودی نییە، ئەوەی لەسەرتاوە دەردەکەوێت لەخودی خۆیەتی- بریتییە لەگەرانەوە بۆ کات و شوێن، بەڵام هەقیقەت هاوکات نییە و هاوشوێن نییە، ئەو سەرەتایەکی سەربەخۆییە لەخودی خۆی، کەلاساییکردنەوە ئەم سەرەتایە دەسرێتـەوە، لەبەرئەوە نەپەیوەستە و نەپەیوەست دەبێت بەرابردووەوە)-ئەو بریتییە لەرەهای کراوە، دووەم تەن: دیکارت گومانی لەوە هەیە، تەنەکان بەو سیفەتەی قەبارەی ماتریالین یان بۆچی؟ لەبەرئەوەی تەنەکان گۆڕاون، لەبەرئەوە هەقیقەت و ماهیەتی بوونیان دەگۆڕدرێت، لەبەرئەوە ناتوانین لەجوڵەو دەرئەنجامەکانی مادەوە بگەینە ئەوە، دیکارت دەڵێت (پاشان خۆی لەبەردەم تەنە ماتریالەکاندا بینییەوە، بینی ئێمە لەبەرامبەر ئەودا نێگەتیڤین، لەبەرئەوەی ئەو لەرزۆکەو هەقیقەت جێگیر، گەواهی هەست ناتوانن ئەمە بسەلمێنن، سێهەم ئەقڵ: ئەمیان ئەو پێویستیەیە بۆ چەسپاندنی ئەو گریمانەیەی دەیەوێت، دواتر لەتوانایدا هەیە، بوونە واقعی و هزرییەکان بەشێوەی جیا پێکبهێنێت یان نا، لەبەرئەوە دەبێت هەقیقەتی ئەقلی و مەعریفەت بپشکێنرێت، تابزانین چەند لەگەڵ واقع دەگونجێت و هاوجووتە لەگەڵیدا، جائەو واقعە واقعێکی بوونگەری بێت، یان هزری، دیکارت دەڵێت: فکر لەڕوی هزرییەوە دەتوانێت هەرچی بەخەیاڵیدا دێت، گریمانەی بکات، بەبێ هیچ کۆت و بەند، یان رەخنەیەك لەو بوونەوەی دیسپلینی دەکات؟، کێ رێگەی لێدەگرێت کەگریمانەی ئەوە بکات، دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج؟، ئەوا بەم شێوەیە هەموو بوونەکان دادەرمێن، لەلایەن خالقەوە هەموو ئەوانەی دەکەونە ژێرەوە، دەبنە جێگەی گومان، سێهەم- من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم، مادامەکی گومان بەخودی خۆی، پێویستە بۆ گەیشتن بەهەقیقەت ، کەواتە ئەوەی گومانی لێناکرێت بریتییە لەخودی گومان خـۆی، تەنها گومانکردن لەگومان بۆ خـۆی بریتییە لە لەناوبردنی، دواتر رەتکردنەوەی ئەو ئامرازانەی وادەکەن بەرو هەقیقەت بچین، گومان فکرە، من گومانم هەیە، واتە من بیر دەکەمەوە، و من بیر دەکەمەوە، واتە دۆزراوەیەکە ناتوانم گومانی لێبکەم، من پێویستم بەفکرە، تا گومان لەفکر بکەم، ئایا ئەگەر من نەبم، ئەتوانم بیر بکەمەوە، کەواتە من بیر دەکەمەوە من هەم، گومان وەك ماهیەتێکی فکری و بوونگەری و واقعی لەدوو هۆکار پێکدێت: خودی بەگومان، بابەتی گومان لێکراو، گومان بەو سیفەتەی خودی گومانکەرە کارێکی پۆزەتیڤە، بریتییە لەسەلماندن، ئەمەش مانای وایە خودی گومانکەر لەگومان پارێزراوە،لەبەرئەوەی ئەو کرداری گومان دەکات، ئەگەر خودی گومانکەر خۆی بکاتە ئامانج، ئەوا ئەو خودە دەبێتە دوو خودی جیاواز، خودێکی بینراو کەگومان لەسەری هەیە، هەروەها خودێکی وێنایی کەگومانی لەسەرە، ئەوەندە ماوە بڵێین کرۆکی ئەم کۆجیتەیە فکرو بوون پێکەوە، لەبەرئەوەیە ئەو رستە بەناوبانگەی دیکارت گوزارشتە لەزەینرونی (Intuition) نەك پێوەر، زەینرووونی لەبزاوتی فکرییەوە نایەت، بەڵکو تێروانینیی راستەوخۆیە، کۆجیتۆکەی دیکارت مانایوایە من لەبووندا بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم، وەك بیرکەرەوەیەك؟، ئەم فکرە لەسەر جەوهەریەتی فکر بوونیادنراوە، بەوەی فکری هەمیشەیی مانای هەمیشە بوونە، کەئەم پەیوەندیە لەنێوانیاندا سەپێنراوە، لەنێوان هەردوو لایەنی بوون و بیرکردنەوە.

چوارەم: سەبارەت بـەدەروون، یان یەقینی یەکەم، ئەو دەروونە، یان منە چییە؟، کەگومانی لەهەموو شتێك هەیەو هەرگیزیش گومانی لەبارەوە نییە، فکر ماهیەتی جێگیری مرۆڤە، مادام مرۆڤ بیرناکاتەوە واتە مرۆڤ بوونی نییە، لێرەدا دیکارت مەبەستی بوون ئەمەیە: (ئەوەی هەموو هەبووەکانی من لەپێناو بوونی خۆیدا بەکاردەهێنێت، خود هیچ بوونێکی



نییە، تەنها بەهۆی بوونی خۆیەوە نەبێت، فکر لای دیکارت دەکەوێتە دەروەی کات و شوێن، دواتر لەدەرەوەی گۆڕانە، جێگیر لەفەلسەفی دیکارتدا لەجوڵەی جیابوونەوەی دوالیزمەیەکەوە نایەت، بەڵکو لەحاڵەتی پەیوەستبوونیان پێکەوە دێت، (لەدەروون و جەستە پێکەوە، کەبەدەروون فکر پێکدێت و ئەویش نەمرە، دیکارت تەنها بەدوو جیاکەرەوەی ئەسڵا دەروون باوەڕیهێناوە، درککردن و ئیرادە، کەئەمان پێکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام چۆن پەیوەندی نێوان دەروون جەستە پێکدێت، ئەوا لەرێگەی ڕژێنی سنەوبەرییەوە (Le.qlande Pineale)ڕوودەدات، دیکارت ناوی لەمە ناوەرۆحی ئاژەڵیانە (Les Sprits Animaux)ئەمیش گەردیلەی ئۆرگانی چاکە؟، پلەی گەرمای زۆر بەرزە، لەرێگەی دڵۆپاندنی خوێنەوە دەستدەکەوێت، بەڵام درککردن لەناو خوددا، ئەویان سەرچاوەی بیرکردنەوە بێگەردەکانە کەلەخولیا جیادەکرێتەوە، بیرکردنەوەی بێگەرد ئەو بیرکردنەوانەن، کەلەگەڵمان لەدایکدەبن، بەڵام ئەو ئەفکارانەی لەخولیاوە دێن، بریتین لەبیرکردنەوەی وەهمی، لەداهێنراوەکانی خەیاڵن، وەك چۆن بیکردنەوەی دەرەکی لەگەڵ بەریەککەوتنی بەمادە درووستدەبن، کە ڕوەکان وەك هەموو بیرکردنەوەکانمان وان، ئەو توانایانەن کەمرۆڤ دواتر پێویستی بەمەشقکردن هەیە، تاکو شێوەیەکی ڕۆشن وەربگرێت، دواتر (ئیرادە مەلەکوتی ئەسڵیە لەدەروونداا ئەرکی ئەو هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەکانە... کەبەشێوەی پۆزەتیف، یان نێگەتیف حوکمەکانی دەربکات)، بەڵام لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان ئیدراك و ئیرادە چییە؟، دیکارت دەڵێت: ( کەس نییە هەڵە بکات، مەگەر بەئیرادەی خۆی نەبێت، دواتر ئەم حاڵەتە و حوکمەکەی بریتییە لەکردەیەکی ئیرادی پەتی، نەك درکپێکراوەیی، ناکرێت فکر ڕاست، یان هەڵە بێت، ئەو تەنها فکریەکە، بەڵام هەقیقەت لەئیرادەوە دێت)

پێنجەم: سەبارەت بەخوا، یان یەقینی دووەم، دیکارت لەو دەسپێکەوە ئەو قسەیە دەکات، کە (مرۆڤ ناچارە بەپێی خولقێنراوەکەی، کەئەبێت تەسلیمی هەقیقەت بێت، ئەگەرنا ئەوا لایەنە مرۆڤایەتییەکەی دادەڕمێت، ئەو کات مرۆڤبوونەکەی بەبێ بوونی هەقیقەت بوونی نابێت.

دیکارت وایدەبینی (کەماڵی ناکۆتا) بریتییە لەبەداهیەتی ڕۆشنتی جیکەرەوە، بەم شێوەیە یەقینی دووەمی بەڕەو خوا بوو (جیهان پێویستی بەگەواهی دەرەکی نییە، بەڵکو جیهانەو بۆخۆی بریتییە لەگەواهییەك بۆ خوا، ئەگەرنا ئەوە تێکدەشکێت و دەبێتە وڕێنەی خەونبینین، ئاسمان لێژاییەکی بەرەو زەوی وەرگرتوە، لەفیکرەی (کەماڵی ناکۆتا)وە ئەم سێ بەڵگەیەی بۆ بوونی خوا هەڵهێنجاوە وەك ئەفرێنەری هەموو شتەکانی ئەم گەوردونە: بەڵگەیی کەینونەیی و بەڵگەی بوونگەری و بەڵگەی دەستنیشانکردنەیی، لەو باوەڕەدام دیکارت بیەوێت بڵێت ( بەتەنها فکر دەتوانێت باوەڕ بەمرۆڤ بهێنێت، کەهەقیقەتە ئاینیی و ئەخلاقییەکان قبوڵبکات، کەوەك بنەمای شارستانی تەماشایدەکرد، ئیمان هیچمان پێناکرێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕۆشنی نەکەینەوە، قەدیس پۆلس لەبەشی یەکەمی نامەکەیدا بۆ ڕۆمان نووسیوویەتی: ئەوەی دەشێت دەربارەی خوا بیزانین، بۆ مرۆڤ مەسەلەیەکی زۆر ڕۆشنە، لەبەرئەوەی خوا بەخودی خۆی وایکردوە ڕۆشن بێت) دیکارت بەردەوام دەبێت و دەڵێت ( دەشێت بەئاسن و یەقینی گەورە لەهەر شتێکی تری ئەم گەردوونەدا خودا بناسین).شەشەم– لەجیهان، یان یەقینی سێهەمدا هەستی من بۆ جیهان، بەشێکە لەپێدراوەکانی خوا، خوا لەم جۆرە هەستانەدا درووست ناکرێت، ئەگەر بابەتێك نەبێت، ئەویش خوای ڕاستگۆیە، کەواتە هەستکردنم بەجیهان ئیرادەی من نییە، بەڵکو ئیرادەی خوایە، باوەڕ بەبوونی جیهان، پێویستی بەزانینی ماهیەتی هەیە، جیهان ماتریالە، مادەش سیفەتی درێژبوونەوە وەردەگرێت، مادە جەوهەرێکی سەربەخۆیە، لەجەوهەری دەروون، ئەگەر




بمانەوێت لەدرێژبوونەوە لەلای دیکارت تێبگەین، بریتییە لەمانای ئەبستکرات، نەك هەستی، کەبەکۆمەڵێك تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، بریتین لە:

١-بۆشاییەکی نادیاریکراو، کەتەنها درێژبوونەوەیەکی تر دەوری داوە، کەواتە ئەو ناکۆتایە، دەتوانین هزرکردنی درێژبیونەوەی دووەم و سێهەم تاناکۆتا بکەین.

٢- ئەو هاوگونجاوە و بۆ بەشەکان کەرت دەبێت.

٣- بریتییە لەماتریال کەمادەی درێژەوەبوو لەبۆشاییدا بوونی نییە ، تەنها لەبۆشایی مادە خۆیدا نەبێت.

٤- ئەو پڕبوونەوەیە، جوڵەی تەنەکان بەشێوەیەکی بازنەیی شیدەکاتەوە، درێژبوونەوەی پەتیەتی مادەیە و جوڵەش پەتیەتی درێژەوەبوونەوەیە، ئەویش ئەو تایبەتمەندیانەیە بەشەش بنەما جیا دەکرێتەوە:-

١-هیچ جوڵەیەك نییە، تەنها بەفەرمانی خوا نەبێت، لەبەرئەوەی مادە لەبنەمادا وەستاوە

٢-جوڵە ئەو ئاراستەیەی بەخودی خۆی وەریدەگرێت، خێراییەکەی بەپێی ئەو دەجوڵێتەوە.

٣-جوڵە نەزیاد دەکات و نە کەمدەکات، لەبەرئەوەی جوڵە بەفەرمانی خوایە و خواش ناگۆڕێت.

٤-هەموو شتێك وەك خۆی دەمێنێتەوە، مادام شتێك نییە بیگۆڕێت.

٥-هەموو تەنێك نایەوێت جوڵەکەی لەسەر یەك راستەهێڵ بمێنێتەوە

٦-ئەگەر تەنێکی جوڵاو بەتەنێکی لەخۆی لاوازتر گەیشت، ئەوا هێندەی ئەوەی تەنە لاوازەکە دەیدات، جوڵە وندەکات.

٧-دەربارەی ئەخلاقی دیکارتیانە: توێژەرەوان ئەخلاقی دیکارتیان بۆ سێ بەش دابەشکردوە: کاتی و زانستی و تەواو.

١-ئەخلاقی کاتی: ئەو ئەخلاقە ئەزموونییەیە، کەمرۆڤ هاندەدات ئەرکەکانی خۆی تەواو بکات، برتییە لەکاری ماقول (Raisonnable)نەك کاری ئەقڵانی (Rationel)ئەم ئەخلاقە کاتییە سێ تا چوار حوکم لەخۆ دەگرێت: ا- حیکمەتی یەکەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی وتارەکەیدا دەڵێت: حیکمەتی یەکەم لەسەر ئەوە وەستاوە، کەملکەچی یاساکانی وڵاتەکەم بم، هەروەها نەریت و ئەو ئایینەی خوا پێیبەخشیووم و لەمنداڵییەوە لەسەری پەروەردە بووم، هەروەها بەکاروبارەکانی ترەوە پەیوەست بم، بەتایبەتی بەو بیرورایانەی زۆر میانڕەون و کەمتر زیادەڕۆن، ئەوانەی لەبواری کارکردندا لەسەریان ڕێکدەکەوم، لەو کاتەوە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کەهیچ کێشێك بۆ بیرکردنەوەی تایبەتی خۆم دانەنێم، ئەویش لەو خواستەوەی هەموویان بکەمە شوێنی تاقیکردنەوە، لەوە باشتر نییە کار بەرێنمایی رای ئەو کەسانە بکەم کەئاقڵینترین کەسانن، کەئەبێت لەسەر ئەو هەڵەیە بڕۆم، کەلەناویاندا دەژیم، ئەوەم بۆدەرکەوت لای فارس و چینییەکان وەك ئێمە خاوەن ئەقڵیان هەیە، هەروەها ئەوەم بۆ دەرکەوت، بۆ ئەوەی لەسەر هەقیقەتی بیرکردنەوەیان بووەستم، ئەبێت تەماشای ئەوە بکەم، ئەوان چی دەکەن، نەك ئەوەی چی دەڵێن، لەبەرئەوەی گەندەڵی ئەخلاقمان کەمترە لەوانەی، کەئەوەی باوەڕیان پێیەتی بیڵێن، لەبەرئەوەی زۆربەیان ئەوەیان بیردەچێتەوە کەباوەڕیان بەچییە، ئەو فکرەی کەئەو شتەی پێدەناسین، جیاوازترە لەو فکرەی دەزانین کەئێمە ئەو شتەی پێدەناسین، لەبەرئەوەی ئەم دوو فکرە، زۆرجار بەبێ ئەویتریان دێت، لەنێو ئەو فکرە قبوڵکراوانەدا، ئەوەیانم هەڵبژارد کەزیاتر میانڕەوە، لەبەرئەوەی ئاسانتر توانای جێبەجێکردنی هەیە، باشتریشە مادام زیادەڕۆیی خراپە، من هەمیشە ڕێگەی راست دەگرمە بەر -ئەگەر بشکەومە هەڵەوە- وەك ئەوەی لایەنی یەکێکیان بگرم، کەئەو ڕێیەی پێویستە بیگرمەبەر، بریتیە لەرێگەی ئەویتر.

ب- حیکمەتی دووەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی وتارەکەیدا دەڵێت: (حیکمەتی دووەمم لەسەر ئەوە وەستاوە، چەند بتوانم لەکارەکانمدا عەزم و جەزمم هەبێت، دەست بەو رایانەوە بگرم، کەزۆرترین گومانی لەسەر، پاش ئەوەی لێینزیك دەکەومەوە، وەك ئەوەی بەتەواوەتی دڵنیا بم، لەم کارەمدا وەك موسافیران وام... کەدەبێت بەرەو یەك ئاراستە بڕۆن.

ج- حیکمەتی سێهەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی وتارەکەیدا دەڵێت: (ئەبێت هەمیشە بەسەر خۆمدا سەربکەوم، نەك بەسەر بەختمدا، ئەبێت خواستەکانی خۆم بگۆڕم، نەك سیستمی گەردون بگۆڕم، لەکۆی ئەمانەدا

ئەبێت لەسەر ئەوە رابێم، کەباوەڕم وابێت هیچ شتێك لەناو دەستی ئێمەدا نییە، تەنها بیرکردنەوەکانمان نەبێت، ئێمە تەواو لەوە دەستەوەستانین، کە ئەو شتانەی لەدەروەی ئێمەوەن، بەدەستیان بهێنین، ئەویش پاش ئەوەی تەواوی وزەی خۆمانی تێدا بەکاردەهێنین، ئەمە واماتە پێش چاوم، کەدەکرێت لەئایندەدا شتێك بەدەستبهێنم، کەئێستا ناتوانم بەدەستیبهێنم، هەروەها بەسە بۆ ئەوەی رازی بم بەوەی کەمنی تێدام).

د- حیکمەتی چوارەم: دیکارت دەڵێت، پاشان لەدەرئەنجامی ئەو ئەخلاقەوە ئەمەی ویست، کەسەرقاڵی هەمەجۆر مرۆڤ لەم ژیانەدا، بۆ هەڵبژاردنی باشترینە، لەوانەیە بمەوێت دەربارەی سەرقاڵی ئەوی تر شتێك بڵێم، ئەوا وادەبینم کەباشترین شت ئەوەیە، کەلەسەر ئەو کارەی کەرێگەیم گرتووە بەردەوام بم، هەموو ژیانم بۆ رۆشنبیرکردنی ئەقڵی تەرخانبکەم، چەند بتوانم لەزانینی هەقیقەتدا پێشبکەوم، ئەویش بەپێی ئەو میتۆدەی خۆم بۆ خۆم داناوە.

٢- ئەخلاقیەتی زانستی: بریتییە لەئەخلاقیەتێکی پۆزەتیڤی، لەدەرەوەی زەمان و شوێن، وادانراوە کەلەبەردەم هەموو مرۆڤێکدا بێت، ئەم ئەخلاقە زانستییە پشتی بەچی بەستووە، بەپێی تیۆری دیکارت ( مەبەستی فەلسەفە ئەبێت بۆ خۆشنودی مرۆڤ بێت) دیکارت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ تەماشای جەستەی کردوە، دەڵێت (بەدبەختیمان بەهۆی ئەوەوەیە، دواتر دەڵێت شادمانیمان بەهۆی ئەوەیەوە)، ئەخلاقی زانستی وەك دیکارت تەماشای دەکات، وەك یاسای تەندروست وایە، کەمرۆڤ دەتوانێت کۆنترۆڵی حەزەکانی بکات و خۆی لێرزگار بکات و سۆزی بەرەو شادمانی داواکراو ئاراستە بکات)

٣- ئەخلاقی کۆتایی: ئەبێت هەموو مرۆڤێك بەئەخلاقی کۆتاییەوە پەیوەست بێت، دیکارت لەنامەیەکیدا بۆ شازادە ئەلیزابێس لە (٤/ ئاب ١٦٤٥)دا نووسیوویەتی و دەڵێت و سێ بنەمای دیاریکردووە کەبریتین لە:

أ- ئەبێت چەند دەتوانین هەمیشە ئەقڵمان بەکار بهێنین، ئەبێت بزانین چ کارێك دەکەین و چی رەتدەکەینەوە، ئەویش لەهەموو بار و دۆخەکانی ژیاندا.

ب- ئەبێت نیەتێکی جێگیر لەگەڵ خۆمان ببەستین، بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانەی ئەقڵ ئامۆژگاریمان دەکات، نابێت لەو رێنمایانەدا مەیلی خولیاکانمان هەبێت.

ج- دەبێت چەند دەتوانین، کەئەو رێگایەی لەبەر رۆشنایی ئەقڵ دەیگرینە بەر، ئەو خێرانەی لێمان رادەبوورن، لەبەردەست ئێمەدا نییە، کەواتە نابێت بیریلێبکەینەوە و خواستمان بۆی نەبێت،

هەشتەم ماهیەتی مرۆڤ لەفەلسەفەی دیکارتدا:

دیکارت جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەبێت ئەقڵ بەپێویست لەگەڵ خودا پێکەوە بژین، ئەمەش بریتییە لەماهیەتی مرۆڤ، جیهانی هەستەکان جیهانێکی هەڵخەڵەتێنەرە، پێدراوەکانی ئەو ئەزموونە نایەقینە، کەلەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەنووسێت (لەمەوە ئەوە فێر بووم، کەجەوهەری هەموو ماهیەتێك، یان سروشتێك تەنها لەسەر فکر دامەزراوە، بۆ بوونی خۆی پێویستی بەهیچ شوێنێك نییە، پەیوەست نییە، بەهیچ شتێکی ماتریالیییەوە، بەو مانایەی من "واتە ئەو خودەی کەمن تێیدا منم، بەتەواوەتی لەجەستە جیکراوەیە، کەمەعریفەتمان بۆ ئەمە ئاسانترە، ئەگەر بوون جەستە بەتاڵبکاتەوە، ئەوا خود بەتەواوەتی هەبووە) بەرای دیکارت دیالێکتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا، یان لەنێوان ئەنتۆلۆژی، لەبواری ئەنتۆلۆژی مرۆییەوە نابێت، بەڵکو لەبواری میتافیزیکی هەبوون لەناو ئەم ئەنتۆلۆژییەدا، لەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت: ( ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەوەم لەکوێوە بۆ دێت، کەبیر لەشتێك بکەمەوە، کەلەمن کامڵ ترە، بەشێوەیەکی بەدیهی زانیم ئەمە بۆ بوونی سروشت دەگەرێتەوە، کەلەهەقیقەتدا کامڵترە، ماوەتەوە بڵێم ئەو لەرێگەی سروشتەوە بەمن گەیشتووە، لەراستیدا لەبەرئەوەی ئەو لەمن کامڵترە، بەخودی خۆی هەموو ئەو کاملیەتانەی کەم وێنای دەکەم هەیەتی، ئەگەر بمەوێت ئەمە بەیەك وشە دەربخەم: مەبەست لەم سروشتە بریتییە لەخوا)، لەم تێروانینەدا دیکارت پاڵمان پێوە دەنێت بۆ رەتکردنەوەی ئەقڵی بابەتی بەرەو ئەقڵی خودی، دواتر بەرەو یەککگەریەتی و تاککگەریەتی هەقیقەت، کەملکەچی کۆئەقڵی نییە، دیکارت لەتێرامانی چوارەمدا لەم بارەیەوە دەڵێت: ( تەنها ئیرادە ئەزموون دەکەم، ئەمە ئەوەندە لام گەورەیە، هیچ شتێك لەو بەبەرفراوانتر نازانم و لەویش بەرفراوانتر نییە، بەرادەیەك ئەو واملێدەکات، بزانم من وێنەیەکی خوا، یان هاوشێوەیەکیم هەڵگرتووە، ئەمە وای لەدیکارت کرد، بەخشندەیی بخاتە سەرو هەموو شتێکەوە، وەك بەهایەکی پێوەری تەماشاییکات، ئەمەش لەکتێبی خولیاکانی دەروونذا جەختی لێوە دەکاتەوە، دەڵێت (لەو باوەرەدام بەخشندەیی وا لەمرۆڤ دەکات، رێز لەخۆی بگرێت، تادوا پلە رێز لەخۆی بگرێت، بەشێوەیەکی بەڵگەدارانە، لەبەشێکدا کار بەوە دەکات، هیچ شتێك تایبەت نییە بەوەوە، تەنها ئەو هەڵسوکەوتە ئازادە نەبێت، کەبەئیرادەی خۆی دەیکات، لەبەرچی پێویستە لۆمە بکرێت، هەر لەبەرئەوە نییە ئەو بەباشترین یان خراپترین شێوە هەڵسوکەوتی پێدەکات، لەبەشێکی تریدا، لەخودی خۆیدا هەست بەناجێگیری دەکات، هەمیشە هەوڵدەدات کەباش هەڵسوکەوتی پێبکات، واتە پێویستی بەئیرادە نییە، بۆ ئەوەی دەستبکات بەجێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانەی کەوەك باشترین شت دەیبینێت، ئەمەش مانای وایە ئەبێت رێگەی چاکەکاری بگرێتە بەر).

کەواتە مەعریفەی ئەقڵی و لایەنی ئیرادەی ئازادی هەڵبژاردن، دژی یەك نین، لەبەرئەوەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، وەك دیکارت لەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت: ( شتێکە گومانی هەیە، وێنا دەکات، جەخت دەکاتەوە، بیردەکاتەوە، دەیەوێت و نایەوێت، هەروەها ئەندێشە دەکات و هەستدەکات).